# نهێنی نیشتیمانم

کنێر حەسەن خانم

نیشتیمانم

که ڕۆیشتم تۆ واتزانی ئیتر تریفەی دوای ئەنگۆره
چرپەی ئاشقانەی ئەم کۆترانەم بۆ ناهێنیێ؟!
که دوای گۆڕینەوەی هەناسەکانیان ئەبن بەیەک سروودو
تەژین له سەرابەکانی دروست کردنی ماڵێک له فەنتازیا ڕەنگ سپیەکان
تۆ واتزانی من وون بووم وەک تەڕایی نێو قوڕاوی باخەکان,
بووم به هەڵم و دواتر له ئاسمان نابمەوه باران
تێکەڵ به خاکی نیشتمان نابمەوه
که ڕۆیشتم چاوەکانم لای تۆ جێهێشت
تا بەیانیان ئەم کۆترانه پێ ببینم که ماڵه سپیەکانیان بەکۆڵەوەیەو
تەژین له خەیاڵ تەژین له هزر لەنهێنی له ترس
تەژین له هیوا له عیشق
هەژارن له کارو کرداره سوورەکانی
ژوانگەکان ئەگۆڕن به ماڵێکی بەختەوەر
تۆ واتزانی من ڕۆیشتم له نیشتیمانێک کەنارم گرت که نامناسێ
ئیتر خەمی بێ وولاتیم بیر چۆتەوه.
لێره دوور لەئازارەکانی تەمەنیان کردووین به ماڵ
لێره دوور له شەوەکانی له هەر چوار وەرزەکانا
هەمیشەیین و کۆتاییان بوه به خەون...... بێئاگا ڕێئەکەم!!
بەلاّم دلّنیابه تۆ........من لێرەوه بووم به سەردێڕی ئازارو
بەر لەتۆ برینەکان ژانەکانم بۆ ئەهێنن
* * *

که ڕۆیشتم تۆ واتزانی چاوەکانم لەگەڵ خۆمدا بۆسەفەری وون بوون
بردوون
تۆ واتزانی ئیدی وەرزەکان نابینم

ڕەنگەکان نامۆ ئەبن بە ئامێزی وشەکانم
ئیدی تۆ نابینم!!؟؟

من نکۆڵی لەوە ئەکەم لەم سەفەرە چاوەکانم لای خۆم بووبن!!!
من بەیانیان چاوەکانم تۆ ئەبینێ
گزنگی تۆ کاتێ تیشک کاروانێک هیواو جیهانێک لە بێ ئومێدی پەخش
ئەکات
من ئەنگۆرەی تۆ ئەبینم تاریکی شەو تریفەی تۆ

هەموو هەستێ هەموو شوێنێ هەموو دەنگێ
بەم چاوانەم بەدی ئەکەم کە ئێستاش لای تۆن!
بەم چاوانە ژنە کوژراوەکان ئەبینم ئەوانەی هەناسە ئەدەن و مردوون
ئەم منالآنە ئەبیینم کە ئەزانن غەم داگرن

ئەم کۆترانەی فڕینیان بیر چۆتەوەو ماڵی کراون
ئەم سپێدانەی کە ناویان تاریکیەو ئەم درۆیانەی دروشمی ڕاستیان پێیە
ئەم بەڵێنانەی خزاونەتە نێو هەرەس و
ئەم سەرکردانەی وڵات ئەکەن بە مەرگێکی ڕازاوە
لە دارڕمان بەهەشتێک چێ ئەکەن ناوی ئەنێن مانەوە

ناوی ئەنێن دەستەڵات ناوی ئەنێن هەرەس هەراج
بردنەوەی درۆو بردنەوەی پایەو جیهانێک لە کورسی
من لیرەوە ئەم باخانە ئەبینم
کە لە گیانی گوڵەکاندا جیهانێک دڕک سەوز ئەبێ!

من لێرەوە هەتاوی وڵات ئەبینم کە بوەتە مەنزڵگای ئەم مندالآنەی
شەقامەکان کردوونی بە خۆراکی کار!!
ئەم تەمە ڕەشە ئەبینم ژنی کردوە بە خاڵێکی یەگجار بچووک
لە سێبەری گەورەیی پیاو.

* * *

کە ڕۆیشتم نهێنیەکانم لەگەڵ خۆم برد
چاوەکانم لای تۆ جێهێشت تا لەوێوە ئەم درۆیانە ببینم
کە پیاو تیایدا قارەمانە ململانێی تەمەنێکە

بەختەوەری ئەبارێنتە کێڵگەکانی بێهێزی ژن
ئەفسانەکان پێکەنینم ئەوروژێنن
پێکەنینەکان لە زەلکاوی تووڕەبوونم ئەتوێنەوە
پێئەکەنم بەم ئەفسانانەی کە قارەمان تەنها پیاوە

کە دەستەڵات هەرهی پیاوە ژنیش لە پاشکۆیەکی وون
خوانێکەو ڕازاوەتەوە دایەنیکی بێبایەخ و چێشتکەرێکی چەوساوە
لە دوورەوە ئەگریم بۆ ئەم ئەوینەی ترس هەراجی پێ ئەکا
بۆ ئەم نهێنیەی کە ناوی خۆشەویستیەوە
بۆ ئەم دەنگانەی کە نابیسترێن
یاخی ئەبم لەم پەندانەی
کە ژنە شەرمنەکان تیایدا بەرزن و ڕازاوەن و بێدەنگ کراون
ئازارەکان بەرەو سەردەمێکی نامۆم ئەبەن
کە هێزی ژن گەورەیی ژن لە ساڵە نەهاتەکاندا
بۆلەرزەی پیاو.... دواکەوتوویی خاپووری کرد.
* * *
کە ڕۆیشتم تۆ واتزانی لێرە پێکەنینەکانی ناخت بە دی ناکەم
تۆ واتزانی من ون بووم ئیدی خەندەکانت بە ختەوەریم بۆ ناهێنن
من لێرەوە جەژنەکانت پیرۆزی تۆم بیردێننەوە
من لێرەوە سوجدە بۆ نەورۆز ئەبەم و
مۆمێک لە تاریکی دائەگیرسێنم بە یادی بەختەوەری تۆ
زۆر ئاسودە ئەڕژێمە ئەم چەمەی بەرەو لای تۆ دێ
تا لەوێ ناوی خۆم بدۆزمەوە
تا لەوێ پیرۆزی هەموو جەژنەکان لە نەورۆزدا بپەرستم
تا پێت بڵێم من لێرەوە دووری تۆ وام لێئەکا
خەمەکانت ئازارەکان تا خیانەتەکانیشتم خۆش بوێ
تاپێت بلێم چڵە دار بەرویەکم بدەرەدەست
چەپکێک نێرگزم بدەرێ
باوەشێک لە دڕکەزێش بگەیەنە دەستم
تا پەنجەکانم خویناوی ئەبێ بۆنیان بکەم
ئەمەوێ بۆنی داربەڕووبگرم بۆنی (نێرگز) تا بۆنی دڕکەزێش لە ڕۆحم بێ
دواتر لەم گەرمەسێری غەریبیە ئەیانکەم بە سابات
* * *
کە چراکان ڕوناکی تۆم بۆ ئەهێنن
زۆر بەختەوەر تێکەڵ ئەم شنەیە ئەبم
کە بەرەو لای تۆ هەڵئەکات تا بە ئەسپایی پێت بڵێم خۆشم ئەوێی
تا پێت بڵێم جێم نەهێشتووی

تا کاروانێک لە ئارامی بۆ وولاتی گومان بێنم
تا ڕۆحی تێنووم لەم کانیە ئاودێرکەم
کە بوونم لێی هەڵقولاوە
تا بە دەنگێکی تاساو بڵێم بە کۆیلەیش خۆشم ئەوێیت
بەئازادی خۆشم ئەوێیت
بێبەری نیم لەم تابڵۆیەی دروستی کردووم
* * *

کە ڕۆیشتم تۆ واتزانی ئەستێرەکان بە شەوەکانم ناگە
حەیرانەکان داستانەکانم بۆ ناچڕن
هۆنراوەکان لە ڕۆحی گۆرانیەکاندا ناتوێنەوەو
مێلۆدیەکان ناگەنە هەستی بیستنم
بەلاّم شەوم بیّ حەیران وبیّ گۆرانی نابێتە ڕۆژ
*............................*........................*

سەمای ئەم بەهارانە کورت بوون کە بەرگی کوریکە هەناریان ئەپۆشی و
سوێندیان ئەخوارد لەهاویندا ماندوو نەبن
کورت بوو وەک گۆڕینەوەی نیگای کچەلاوێک و پیاوێکی پیر
خێراوبیّ هێز ئاوابوون لە نیشتیمانی چاودا
منیش بیّ تۆ وردە وردە بەرەو ئاوابوون ئە چم
خەونەکانم ئەم سەردەمەم بۆچیّ ئەکەن............
کە لە خاکێکدا نیشتەجێم کە ئەمناسیّ
لەگەڵ نیشتیمانێک ئەدوێم لێم تێئەگا
لە پرسەی مێژوویەک بەشدارنیم کە ژەهری کینەی بە ڕۆحی خۆیدا پژاندو!!!
بە ئاسوودەیی چاوەکانی خۆی هەڵکۆڵی
بە منی کۆچ کردووشی ووت بێوەفا!!!!

07.2004